بەریتانیا

# حةمةنامة (6) ... ئاسمان عةبدوللآ يونس

نوسین بەهەموو ژانرەکانیەوە بەبێ ڕەخنە و لێدوان نابێت بەپڕۆژە، ڕەخنە وادەکات و لەدەستیشی دێت دووبارە دەقەکە بخوڵقێنێتەوە، ڕەخنە دەتوانێت ناتەواویەکانی دەق هەم دەستنیشان بکات و هەم تەواویشیان بکات، ڕەخنە دەق لە تاکە کەسێک بەدەر دەکات و لە بەرهەمی تاکە کەسێکەوە دەیکات بەموڵکی هەموان، نوسین و ڕەخنە وەکوو باڵندە و باڵ وان، ئەمیان بەبێ ئەو ناتوانی ئاسمانی شین تەی بکات و ئەویشیان ناتوانی ئەفسانەی پیرۆزی شەقەکانی خۆی دەربخات بەبێ ئەو، ئێمە کەلە مێژوودا هەرگیز نەمانتوانیووە نەک فەلسەفە بەکوردی قسە پێبکەین بەڵکوو نەمانتوانیووە لەفەلسەفەی ئەوانی دیکەش بەڕوونی تێبگەین، بۆیە دەبینین هەمیشە ئەوەی چ بەزەبری شمشێر و فتوحات بەسەرماندا سەپاوە و چ ئەوەی خۆمان بەسۆزێکی کوێرانەو بەهەڕەمەکی و دوور لە ئاگایی و بیر و هۆش و لەناهوشیاریەوە خواستومانە، لەناو ئەو گوتارە فەلسەفیە نامۆ بەکەلتوور و سەرخان و ژێرخانی کۆمەلایەتیانەمانەوە، هێواش هێواش تواوینەوە و توانی بەرگریمان لەدەست داوە و بەقەدەری زەبوونی کلۆڵیمان ڕاهاتوین و هەوڵی خۆسازان و گونجاندنمان داوە، خۆمان لەگومانەکانی خۆمان دزیوەتەوە و هەمیشەش زەندەقمان لەپرسیار چووە و، ڕازی بووین بەو وەڵامانەی لەناو دەقە سەپاو و خواستراوەکانماندا هەبوون، بۆچی ئاینی زەردەشتی ئەو یەکەمین ئاین و دوا ئاینەی بەکوردی زمانی پژا و نەیتوانی بەبەردەوامی بەکوردی بممێنێتەوە، بۆ نەمانتوانی دیالۆگی خۆمانی بەکوردی هەتا سەر لەگەڵ بکەین؟ بۆ نەمانتوانی پایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەتی [ ماد ] لەپڕۆژەی دروست کردنی دەوڵەتی کوردیدا بکەین بە بنەما سەرەکیەکانی یەکگرتنی گوتاری خێڵ بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی شار، یان لانی کەم بۆ یەکگرتنی گوتاری سیاسیمان و گۆڕینی ئەو گوتارە بۆ گوتارێکی نەتەوەیی باڵا کە تیایدا نەتەوە دەتوانێت جارێکی دیکە تیایدا لەنوێ لەدایک ببێتەوە، بۆ ناتوانین وا بکەین نەوەی نوێمان بەنالی و مەحوی ئاشنابکەین؟ چونکە ئێمە پڕۆژەیەکمان نی‌یە بۆ نوسین، پڕۆژەیەکمان نی‌یە بۆ ڕەخنە و خوێندنەوە، ئەو خوێندنەوەو ڕەخنانەی بەرهەمیشی دێنین، چونکە لە هوشیاریەکی تەواو دا سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە لە هوشیاریەکی ڕاستگۆیانە دا لە دایک نابن هەر بۆیە هوشیاریەکانیشمان لەسەر بنەمانی کپ کردنی غەریزە مرۆڤایەتیەکانی خۆمانەوە و ڕۆژهەڵاتیانە بەرهەمی دێنین، بۆیە دەڵێم ڕۆژهەڵاتیانە چونکە پەیوەندیەکانمان و، هەر بەو پێیەش نوسین و ڕەخنە و خوێندنەوەکانیشمان زۆرترین پەیوەندیەکانی خوێن و تۆڵە و دەمارگیریان پێوە دیارە، لەجیاتی دەرخستنی لایەنە گەش و ناشیرنەکانی دەق، لەجیاتی دیالۆگی بنیاتنەرانە لەگەڵ خاوەنەکانیان یان دەکەوینە بێماناترین موجامەلە و ستایشەوە، یان دەکەوینە توندو تیژترین شێوازەکانی دژایەتی و ڕەتکردنەوە لە گەڵیاندا.

ئەگەر زۆر بەسەرپێیش بێت و چاوێک بە شێوازی ڕەخنەگرانەی کاک حەمە سەعید حەسەن دا بخشێنین ئەو ڕاستیانەی سەرەوەمان زۆر بەڕوونی بۆ دەردەکەوێ، بۆمان دەردەکەوێ ئەو بەچاوی یار و نەیار، بەلێکدانەوەی دۆست و دوژمن، پڕۆژەی ڕەخنەکانی خۆی بنیات دەنێ، هەر ئەو واقیعە نەفسی و سایکۆلۆژیژیەشە دەیباتە سەر ئەو باوەڕە ڕەهایەی، کە چاوەڕێ بکات

بەشێک لەدەسەڵاتی کوردی خەڵاتی بکات و بەشەکەی دیکەش تیرۆر، چونکە خۆی بەو دیدە کاردەکات یارانی لە خۆشەویستی و ستایشدا قوت بدات و نەیارانیشی غافڵ کوژ و ڕەشە کوژ.

ئەگەر تۆزێک بەولا تر بڕۆین و ئاوڕێک لەو شیوازی بەگژداچونانەشی بدەینەوە کە کاک حەمە لەگەڵ ڕۆشنبیر و شاعیرانی لە ئەو باڵاتر لەڕووی ئەفراندن و خۆلقاندنی دەقدا، وەکوو هێژایان شێرکۆ بیکەس و بەختیار عەلی و گروپی خوێندەواری ڕەهەند و.. .. . چەندان ڕۆشنبیری دیکەشدا بەرپای کردووە، دیسان هەمان ئەو ڕاستیەمان بۆ بەرجەستە دەبێ کە لە سەرەوەدا ئامازەم پێکردووە، ئەوەی زیاتریش لای من مایەی نیگەرانیە ئەوە کە پەرچە کرداری بەشێک لەو هێژایانەی کە لەگەڵ بەڕێز حەمە سەعید حەسەن دا دەکەونە ململانێ، بەهەمان زمان و لەسەر هەمان پێوەری کلتوری دواکەوتوانەی ڕۆژهەڵات، کەلەسەر سێکوچکەی خوێن و دەمارگیری خزمایەتی و تۆڵە ڕۆنراوە دیالۆگ دەکەن، ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی پڕ خەوشە و نەدەتوانی داهێنان بکاو نەهیچ خزمەتێکیش بە باڵاتر بوونی ئاستی ڕووناکیبیریمان دەکات!

slemanyunes@yahoo. co. uk